**دوای ئەوەی ماوەیەك بە بێدەنگی مایەوە کە لە نیمچە ون بوونێك دەچوو و بارودۆخی گۆرانی کوردی لە دڵەو ئازاری دەدا و داخباری ڕۆژانی ڕابردووی هونەری کوردی بوو، هەروەها پێی وابوو هونەری کوردی بە پێچەوانەوە ئەو بارودۆخەی ئێستا لە ئارادایە کە خۆی لە ئازادی و ڕزگار بوون لە ژێر دەستیدا دەبینێتەوە، بۆیە بڕیاریدا ئەگەر بە شێوەیەکی کاتیش بێت لە هونەر دوور بکەوێتەوە، بەڵام دواجار ئۆقرەی نەگرت و دووبارە لەگەڵ گۆرانی و مۆسیقا پەیمانی دووپات کردووە بۆ ئاشقانی هونەری ڕەسەنی کوردی کە لە خزمەت هونەری کوردیدا بوونی هەبێت، هونەرمەند بورهان مەجید خاوەن دەنگێکی تایبەتی و ستایلێکی جیاواز لە نێو گۆرەپانی هونەری کوردیدا و دەنگێکی ئاشنایە لە لایەن هەوادارنی هونەری ڕەسەنی کوردی لە ئیوارەیەکی سلێمانیدا بەم جۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

دیمانە/ سۆران مارف کەریم
Soran.marif@yahoo.com

## هونەرمەند بورهان مەجید :

# دەگەڕێمەوە دنیای هونەر لەبەر خۆشەویستی جەماوەر



*** بڕیارت دابوو بە یەکجاری لە هونەری گۆرانی کوردی داببڕێیت بەڵام وەك دەزانین ئیستا سەرقالی چەند بەرهەمێکی نوێیت؟**

- ئەو کاتەی ئەو هەڵوێستەم نواند بڕوا بکەن زۆر دڵ گران بووم بەڵام خۆتان دەزانن مرۆڤ لە گۆشت و ئێسقان پێکهاتووە وە خاوەنی ئیحساسە بەتایبەتی ئەو کەسانەی خزمەتی هونەری کوردی دەکەن هەست و سۆزیان ناسك ترە، من ئەوەندەم جیاوازی لە نیوان هونەرمەندەکان بینی،ئەوەندە بینیم هونەری بێگانە بەسەر هونەری ڕەسەنی کوردیدا زال کرا،ئەوەندە بینیم دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە خزمەت هونەری کوردیدا بوونیان وەك پێویست نەبوو، ئەوەندەم بینی گۆرانی کوردی ئەنفال کرا ئیدی بڕیارم دا لە هونەری گۆرانی داببڕێم و هەڵوێسیت وەربگرم

*** دوای چەندین ساڵ لە ڕاپەڕین و ئازادکردنی وڵات ئاستی هونەری گۆرانی کوردی چۆن دەبینی؟**

- بەداخەوە لە دوای ڕاپەڕینەوە نەك خزمەتی هونەری کوردیمان نەکرد بەڵکو بە پێچەوانەوە لە خزمەتی هونەری بێگانەدا ئامادەباشیمان هەبوو من بڕوام وایە خەلکی کورد لە پێش ڕاپەڕین زیاتر هوگری گۆرانی کوردی بوو لەدوای ڕاپەڕینەوە گۆرانی کوردی شێوا بە هۆی نەبوونی لێپرسینەوە.

*** کەواتە تۆ تا چەند هەبوونی دەزگایەکی سانسۆر بە پیویست دەزانیت بۆ بەرەو پێش بردنی هونەری گۆرانی و مۆسیقای کوردی؟**

- ئەو کاتە دامەزراندنی دەزگایەکی سانسۆر بەپێویست دەزانم کەوا دەزگایەکی ڕاگەیاندنی سەربەخۆ هەبێت خزمەت بە هونەری کوردی بگەیەنێت بەبی جیاوازی و بێلایەن بێت نەوەك حزبی و بەمیزاجی شەخسی کارەکانیان بەڕێوە بچێت.

*** لەم نێوەندەدا تۆ وەك هونەرمەند ڕۆڵی دەزگاکانی ڕاگەیاندن چۆن دەبینی لە بەرەو پێش بردنی هونەری کوردی؟**

- من کە لە هونەر دوورکەتمەوە ئەو کات بۆیە ئەو بڕیارەمدا گوتم بەڵکو دەزگاکانی ڕاگەیاندن بە خۆیاندا بچنەوە، بەڵام بە داخەوە من پێم وایە دەزگاکانی ڕاگەیاندن بایەخ بەو کەسانە دەدەن کە هونەری کوردی ئەنفال دەکەن من جارێکی تر دەگەڕێمەوە ناو دنیای هونەر ئەویش تەنیا و تەنیا لەبەرخۆشەویستی جەماوەر، دەنا دەزانم چەند غەدر لە هونەری کوردی کراوە بۆیە دەبێت هەموومان بەرامبەر ئەو لێشاوە بوەستینەوە کە هونەری کوردی تەعریب دەکەن.

*** دوا جار ئەم خزمەت کردنە بە هونەری بێگانە چ ئەنجامێکی لێدەکەوێتەوە؟**

-کاردانەوەیەکی زۆرخراپی دەبێت، توانیمان زۆر بەئاسانی سوپاکەی سەدامی دیکتاتور دەربکەین بەڵام من بەئاسانی نابینم ئەو کلتورە دوژمنکارییە کە هاتۆتە ناومانەوە لە بیرو هزری خەڵکدا بسڕێتەوە هەر بۆیەش ئێستا زەمەن زەمەنی ئەوەیە گۆرانییەك بتورکێنی بعەربێنی بفارسێنی ئەوەش بۆ بێسەروبەریی دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەگەڕێنمەوە کە ئەم پاشماوەیەیان جێهێشتوە.

*** هوکاری چییە تا ئێستا نەتوانراوە هونەرمەندی باش و خراپ جیا بکرێتەوە؟**

باشە کاتێك کەسێك بچێتە ستودیۆکانی تورکیا و لەوی بەناو گۆرانی کوردی تۆمار بکات دەزگاکانی ڕاگەیاندن بایەخی تەواوی پێبدەن و وێنەکانیان ببەیتە پێشی شار و یاریگایەك کەسیان بۆ کۆبکەیتەوە گەورەترین بەرپرس پێشوازی لێبکات و گەورەترین هاوکاری بکرێت بەدڵنیاییەوە دەڵێم هونەرمەندی باش و خراپ جیا ناکرێتەوە.

*** ئەی بەگشتی ئاستی گۆرانی کوردی چۆن دەبینی لەسایەی ئازادیدا؟**

- بەداخەوە پێت دەڵێم ئاستی گۆرانی و مۆسیقای کوردی زۆر لاوازە، چونکە تۆ هەتا بایەخ بە گۆرانی بێگانە بدەیت کەی و چۆن هونەرەکەت پێش دەکەوێت.

*** ئەی تۆ پێت وایە چی بکرێت گۆرانی و موسیقای کوردی لەو قەیرانە ڕزگاری بێت؟**

- ئەو هونەرمەندانەی گۆرانییەکانیان بۆنی ئاوازی عەرەبی و فارسی وتورکی و بیانی لێدێت لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن دایانبېڕێنی و گۆرانییەکان پەراوێز بخرێت و لپێپرسینەوە هەبێت.

*** تا چەند ڕاست گۆیی بۆ کەسایەتی هونەرمەند پێویستە؟**

- ئەگەر لای کەسێکی سادەو ساکار درۆ هەبێت پێویستە هونەرمەند پابەند بێت بە کەسایەتی خۆییەوە و ڕاست گۆ بێت هەرچەند بە ڕاشکاوی دەڵێم هەندێ هونەرمەند ناوی خۆیان ناو ناوە هونەرمەندی کورد کەچی گۆرانییەکانیان تورکی و عەرەبی و فارسی و بیانییە، پێم بڵێ ئایا ئەمە ڕاست گۆییە لە میدیای کوردی هەیە، باس لە خزمەتی کردنی هونەری ڕەسەنی کوردی دەکات کەچی زۆربەی گۆرانییەکان ستایلی بیانیە جارێکی تر دەپرسم ئەمە ڕاستگۆییە؟

*** بۆچی هەندی هونەرمەند خویان هیلاك ناکەن بەدوای هونەرەکەیاندا بەڵکو پەنا بۆ موزیك ژەنێك دەبەن تاکو گۆرانی و ئاوازیان بۆ هەڵبژێرێت؟**

- ئێ کاکە گیان کابرا خەڵکێکی سەر جادەیە و دەچێت بۆ تورکیا گۆرانییەك تۆمار دەکات و دەبێت بە گۆرانیبێژ ئیدی چۆن دەتوانێت خۆی هیلاك بکات کە ئەو خاوەنی بەهرەیەك نەبێت.

*** ئەی ڕۆڵی جەماوەر لە پێش خستنی هونەری کوردیدا لە چیدا دەبینیتەوە؟**

-تۆ بە زۆر گۆرانی مۆسیقای بێگانە تێکەڵی هەستی جەماوەر بکەیت لە ڕێگەی دەزگاکانی ڕاگەیاندن ئیتر ڕۆڵی جەماوەر لەوێدا چی دەبێت .من وای بۆ دەچم ڕۆژێك دەبێت هەندی دەزگای ڕاگەیاندن بکەونە بەر لێپرسینەوەی جەماوەر، چونکە هەر ئەوان خەڵکی ئێمەیان بە هەڵەدا برد.

*** پاراستنی مافی هونەرمەند لە ڕێگەی کۆپی نەکردنی بەرهەمەکانیانەوە تا چەند بە پێویست دەزانیت؟**

- من وەك خۆم یەکێکم لە کەسانەی چاوەڕێی ئەوە نیم لە ڕێگەی سیدییەکەمەوە چەندم پارە دەست دەکەوێت و ناو و ناوبانگم دەڕوات لەوانەیە کەسێك هۆگری دەنگی من بێت و نەتوانێت بڕی سی هەزار دینار بدات بە سیدییەکی ئۆرجینال لەهەمانکاتدا سیدیەکی بە هەزار دینار دەست بکەوێت لەو ڕووەوە من پێم شتێکی ئاساییەوە.

*** تا چەند ستایل بۆ هونەمەند گرنگە؟**

- من پێم وایە دوکاندارێك پێویستی بەستایلێکە بۆ فرۆشتنی شمەکەکانی نەك تەنها هونەرمەند کە زۆر گرنگە هونەرمەند خاوەن ستایلی تایبەتی خویی بێت

*** بەنیاز نیت لەسەر ستایلی کار کردنی پێشووت گۆرانکاری بکەیت؟**

- من کە خۆم خاوەن ستایلی تایبەتی بم ئیتر بۆ گۆڕانکاری بکەم.

*** ئێستا سەرقاڵی دواین بەرهەمی هونەریت ئەگەر ئاماژەیەك بەو بەرهەمە بکەیت؟**

- دیارە ئێستا سەرقاڵی تومار کردنی سیدییەکەمم لە ستۆدیۆ پیانو بە هاوکاری هونەرمەند کارزان کامیل کە کاری موسیقای بۆ ئەنجام داوە کە (٨) گۆرانی لە خۆ گرتووە کە ئاوازی گۆرانییەکان خۆم ئامادەم کردووە لە شیعری شاعیران (مەدهۆش و ئەحمەد هەردی و ئیسماعیل خورماڵی و ئەحمەد محەمەد و ئیسماعیل محەمەد و میدیا حسێن) و پێویستە ئاماژە بەوە بدەم کە ئەم بەرهەمەم لە سەر ئەرکی تایبەتی خۆم کراوە و هیچ کەسێك هاوکاری نەکردووم.

خەلیل بابەکەریم

# پانۆڕامای شارەکەم برینی هەولێریەکانی هەڵتەکاند

دووەمین فیستیڤاڵی ساڵانەی هەولێری پایتەخت بریتیبوو لە گەلێك بڕگە و بابەتی هونەری قەشەنگ و جوان کە بووە مایەی خۆشحاڵی ئامادەبووان، یەکی لەو بڕگانەی گەلێك بە پێز و پڕ واتای جوان بوو پانۆڕامای (شارەکەم) بوو بە ئامادەبوونی جەماوەرێکی زۆری شاری هەولێری دێرین نمایشکرا ئەوانەی ماوەیەك بوو تامەزرۆی بینی غایشێکی شانۆیی بە پێزبوون بەتایبەتی لە هۆڵێکی لایقی وەك هۆڵی پێشەوا ئەم پانۆڕامایە کە لە نووسین و دەرهێنانی هونەرمەندی بەتوانا هیوا سوعاد بوو، بریتی بوو لە چەندین دیمەنی شانۆیی جوان و بەشێوەی ئاهەنگ سازی نمایش دەکرا، سەرتاسەری هۆڵەکە لەگەڵ هەریەك لەو دیمەنانە ئاوێتە دەبوون و تەفاعولیان دەکرد، و شەو رستەکان کاری لە هزر و بیریان دەکرد، هەموو شتێکی جوانی ئەم شارەی بە بیر دێنانەوە، کارەساتەکان، زوڵم و ستەمەکان ئەوانەی خزمەتیان کردووە و، ئەوانەی مەبەستیان بوو ئەم شارە خاپوربکرێ و هەنگاوی پێشکەوتنن بەخۆوە نەبینی، هەر لە هۆلاکۆوە کە بەدەست و بازووی لاوەکانی قەڵا بەزیون تاسەردەمی عەباسی و عوسمانی و فارسی و سەردەمی دیکتاتۆریەت کە ڕاپەڕینە مەزنەکە بەهاری ١٩٩١رایماڵی و ئەو ئازادی و سەرفرازیەمان لە سایەی ئەو ڕاپەڕین و خوێنی ئەم شەهیدانەیە کە بە درێژایی مێژوو بەختیان کرد لە پێناو ئازادی و سەرفرازی کوردستان، هونەرمەند هیوا زۆر بە زیرەکی بۆ ئەم بابەتە چوو، بەشێوەیەکی جوان خستیە ڕوو و نمایشی کرد، لەگەڵ هزرو بیری بینەر یاری دەکرد برینەکانی نەك دەکولاندەوە بەڵکو هەڵیدەتەکاند لە دەستپێکی بەهێز و سەرکەوتوانە دیمەنێکی قەشەنگی کوڕ و کچێکی گەنج کە بە حەیران دەستپێکرا، ئەو حەیرانەی کە واتایەکی گەورەی هەیە لە شاری هەولێر و دەشتەکانی دەوروبەری کە جگە لەوەی حەیرانەکە باسی خۆشەویستی دەکرد، کوڕ دەڵێ من تۆم بەقەد قەلاومنارە خۆش دەوێ، کچە دەڵێ کەواتە هەولێرت زۆر خۆش دەوێ، بەڵام بەداخەوە لە هەموو دەورو زەمانێك خەڵکانێك هەبوونە دژی خۆشەویستی بوونە، خۆشەویستی خاك و وڵات، خۆشەویستی مرۆڤ، خۆشەویستی دوو دڵدار یەکێ لەو دیمەنە جوانانەی کەبووە مایەی خۆشحاڵی جەماوەر نەریتێی کۆنی شاری هەولێربوو، ئەوە چەند ساڵێکە نەماوە ئەویش پاش مەولوود خوێندنەوە ئاهەنگ دەستی پێ دەکرد کە لە ناو هەولێریان بە(ئەلگەنجە) باوە، چەندین گۆڕانی تێدا تاکو بەرەبەرەی بەیان دەگوترا بە هەر سێ زمانی کوردی و تورکی و عەرەبی بە بۆنەی بووك گواستنەوە، کاك هیوا زۆر جوان ناوی هەموو ئەو کەسایەتیانەی هێنا کە ڕۆژێك لە ڕۆژان خزمەتێکی شاری هەلێری خۆشەویستیان کردووە، من لێرە زۆر خۆشحاڵ بووم وەك جەماوەر بەم دیمەنە کە نەك ناوی پیاو چاکان و وەرزشوانان و شەهیدان و پیاو ماقوڵان هات، بەڵکو تا شێتەکان ئەوانەی بە ناوبانگ بوون لە هەولێر ناویان هات، بەڵام دەبوایە هونەرمەندی بەتوانا برای بەڕێزم کاك سەلام کۆیی بەبێ دەق بیانخوێنێتەوە من دڵنیام کاك سەلام تێکستی لەوەی قورستر ئەزبەردەکا، یەك لەو دیمانانەی کە بۆ خۆی شانۆگەریەکی تەواو بوو، ئەویش دیمەنەکەی هونەرمەندی کۆمیدی ئیبراهیم حەکیم بوو، کە هۆیهایان لێ دەکرد و ئەویش زۆر بە زیرەکی وەڵامی دەدانەوە: بۆ چ ناچن هۆیها لە ئەنفالچی و خاوەن قەوس و قەڕاسەکان بکەن ئەوانەی پێشیان لە خەڵك کردووە لوشکەیان لێدەدەن، ئەو دیمەنە لە روخسارەوە کۆمیدی و پێکەنین بوو، بەڵام لە ناخەوە برینی دەکوڵاندەوە دەبوو کەسەرێکی گەورە دەرهێنەر نەخشەو پلانەکەی چاك بوو، بۆ دانانی دیکۆر و ئەکسسوار کارێکی چاکی کردبوو کە پشتی بە تیپی هونەرە میللیەکان بەستبوو، زۆر چاك تێکهەڵکێشی کردبوو لەگەڵ دیمەنە تراجیکۆ میدیەکان، هەروەها توانیبووی کۆمەڵێك ئەکتەری بەرچاوی شاری هەولێر لەم کارە هونەریە جوانە لە ئامێز بگرێ و بەرجەستە بکات، ئەوەی جێگای سەرنجە هەندێ لە ئەکتەرەکان بە تەواوەتی کۆنترۆڵی دەورکانیان نەکرد بەتایبەتی لەلایەنی دیالۆگ و فۆنەتیکەوە لەوانە هەر دوو برایانی ئازیزم تاریق ئاکرەیی و کامەران حاجی ئەلیاس، بەڵام ئەوە هیچ لەسەرکەوتوویی ئەم کارە هونەریە جوانە کەم ناکاتەوە، کە بەراستی هەموو لایەك داهێنەر و سەرکەوتووبوون لە سەلام کۆییەوە و تا هونەرمەندی گچکە و منداڵ هێمن هیوا دەستی ماندووی هەمووان دەگوشم هیوام سەرکەوتنیانە.



## گۆرانیبێژی ئێـــــ

# هونەرمەندانی کورد و ئێـــ

*** جگـــە لـــە تۆ و شـــەهرامی بـــرات کەســـی دیکە لە خانەوادەکەتان گۆرانیبێژ بووە؟**

- بەڵێ خوشـــکە جگە لە من و شەهرام گەورەکەم (زەهرە) ئەویش گۆرانیبێژ بووە، بەڵام لە بواری ئۆپێرا.

*** یەکەم جار تۆ دەســـتت بە گۆرانـــی گوتن کرد یاخود شەهرامی برات؟**

- بەر لە وەی من گۆرانی بڵێم، شەهرام دەستی بە گۆرانی گوتـــن کرد بوو، کە من لە بواری ئۆپێـــرا گۆرانیم دەگوت، ئەو کات شەهرام گۆرانیبێژ بوو ئینجا هەردووکمان روومان لە گۆرانی پۆپ کرد.

*** شـــەهرام چۆن هاوکاری کردی و چ رۆڵێکی هەبووە لە سەرکەوتنی تۆدا؟**

- شەهرام گیان هەمیشە بۆ من وەك برایەکی زۆر باش بووە و ئێســـتاش هەر بە هەمان شێوەیە و، ئێمە هەمیشە هاوکاری یەکتریمان کردووە و یارمەتی یەکتریش دەدەین لە کارەکانماندا و تەنانەت وەك دوو هاوڕێین بۆ یەکتری.

*** تا ئێستا چەند کاری هونەریتان بە یەکەوە ئەنجامداوە؟**

- ئێمە چەندین کارمان بە یەکەوە ئەنجامداوە وەك گۆرانییەکان (گل بە گل —پەنجەریها- حامی — عاشق بشیم).

*** تۆ خاوەن دەنگێکی خۆش و روخســـارێکی جوانی، بەڵام هۆی چییە دەرکەوتنت کەمە ؟**

-من هـــەوڵ دەدەم ئەو کاتە لەبەردەم کامیرا راوەســـتم کە بەرهەمێکـــی نوێ یان گۆرانییەکی نوێـــم هەبێت بۆ ئەوەی پێشکەشی بکەم، هەرچەندە من زۆر لەبەردەم کامیرا دەرناکەوم، بەڵام هەمیشە خۆش حاڵم کە لەگەڵ خەڵکدا بم.


*** چەند منداڵت هەیە؟**

- کچێکم هەیە ناوی (تەنناز)ە کە هەموو ژیانی منە.

*** ئایـــا تۆ تەنیـــا گۆرانیبێژی یان کاری ئەکتەریشـــت کردووە؟**

- نەخێر مـــن کاری ئەکتەریش کردووە، بەڵام تەنیا لە یەك فیلمدا بەشـــداریم کردووە بە ناوی (فریادی زیر ئاب- هاواری







دیمانە/ خەلیل بلەیی
Xalil2001@yahoo.com

## ــــرانی شوهرە سوڵەتی بۆ گۆڤاری گوڵان:

# ــــرانی دەتوانن سوود لەیەکتری وەربگرن

ژێر ئاو) کە لەگەڵ هونەرمەنــدی گەورەی ئێرانی داریۆش بووە.

*** زۆر لە هونەرمەندانی ئێرانی بە زمانی کوردی گۆرانییان گوتــووە، ئایا تۆش بیر لەوە ناکەیتــەوەی بە زمانی کوردی گۆرانی بڵێی؟**

- من ئەو کاتەی لە ئێران بووم تەنیا یەك گۆرانیم بە زمانی ئیســپانی گوتووە، بەڵام گۆرانییەکانی دیکەم هەموویان بە زمانی فارسی بوون و بە کوردی گۆرانیم نەگوتووە.

*** چ مەرجێکــت هەیــە بــۆ گۆرانی گوتــن بە زمانی کوردی؟**

- ئەگەر سەرنجتان دابێت، من لە گۆرانییەکانمدا سوودێکی زۆرم لە ریتمی کوردی وەرگرتووە و بەکارمهێناوە، چونکە زۆر حەز لەو ریتمە دەکەم، بەڵام نەمویســتووە کە زمانی کوردی بە هەڵە یان بە زاراوەی نادروســت و نەشیاو بڵێم، من هەمیشە دوو دڵ بــووم لەوەی کە لە کارە هونەرییەکانی خۆمدا هەموو زاراوەکانی دیکە جگە لە فارســی بە تەواوی پێشکەش بکەم، بەڵام هیوادارم بتوانــم لە ئایندەدا بە زمانی کوردی گۆرانی بڵێم.

*** بــەڕای تۆ هیــچ لێك نزیك بوونێك لــە نێوان هونەر و کلتوری فارسی و کوردیدا هەیە؟**

- لەبــەر ئەوەی زمانی کوردی و زمانی فارســی لە یەك خێــزان دەژمێردرێن و لێك نزیکــن و فەرهەنگیان یەکە، بۆیە تا رادەیەکی زۆر دەتوانن کاریگەرییان لەســەر یەکتر هەبێت و هونەرەکەیان بەرەو پێش ببەن.

*** هونەرمەندانــی کورد و فارس چۆن دەتوانن ســوود لە یەکتری وەربگرن ؟**

- هەر وەك لە پرســیاری پێشــوودا ئاماژەم پێکرد دەتوانن هاوکاری زیاتری یەکتر بکەن.

*** چ زانیارییەکــت دەربــارەی گەلی کــورد و هونەر و هونەرمەندانی کورد هەیە؟**

- ئەوەی راستی بێت سەبارەت بە هونەری کوردی زانیاری تەواو و پرۆفیشناڵم نییە و زانیارییەکانم تەواو نین، بەڵام لەبەر ئەوەی هونەری کوردی بەشێکە لە هونەری وڵاتەکەم بۆیە تا رادەیەك زانیاریم دەربارەی هەیە و دەزانم چییە و هونەرێکە کە من زۆر پێم جوانە، چونکە خۆشییەکەی تا لوتکەیە بە هەمان شێوە ئەگەر غەمگینیش بێت تا لوتکەیە کە هونەری کوردی پێی ناسراوە و من زۆر سەربەرزم بەمە.

*** وەك هونەرمەندێك چ گرفتی سەرەکیتان هەیە کە کاری لە هونەری ئێوە بکات؟**

- لە هونەردا هونەرمەندان دووچاری گرفتی جیاجیا دەبنەوە، بەڵام سوپاس بۆ خوا من تا ئێستا بەسەر زۆربەی کۆسپەکانمدا زاڵ بووم، تەنیا شــتێك کە دڵگرانی کردووم ئەوەیە کە ئێمەی هونەرمەندانی ئێرانی لە وڵاتــی خۆمان نین تا بتوانین کارە هونەرییەکانی خۆمان بە شێوەیەکی باشتر و ئاسانتر پێشکەش بکەین.

*** لە ئێران هێشتا مۆسیقای رەسەن باوی ماوە، بەڵام تێکەڵ کردنی مۆسیقا و ســتایلی رۆژئاوا لە گۆرانی و مۆسیقای کوردیدا چۆن دەبینی؟**

-ســتایلی مۆسیقای کۆن(مۆسیقای ســوننەتی) دونیا و جەماوەری خۆی هەیە و مۆسیقای رۆژئاوایی و پۆپیش دونیا و جەماوەری خۆی هەیە، بەڵام خۆشــبەختانە هونەرمەندانی ئێرانی توانیویانە ئەم دوو ستایلە بە شێوەیەکی باش و زانستی تێکــەڵ بکەن و تا رادەیەکی زۆر هونەرێکی نوێ پێشــکەش بکەن.

*** ئەگەر داوات لێ بکرێ بــۆ جەماوەری کورد گۆرانی بڵێی، ئامادەی سەردانی کوردستان بکەی؟**


-بەڵێ سەد دەر ســەدە ئامادەم سەردانی کوردستان بکەم و لەناو جەماوەر پڕ سۆزی کوردانی عێراق گۆرانی بڵێم و چەند ساتێکی خۆشیان لەگەڵدا بەسەر بەرم.

*** دوایین کاری هونەریتان چی بوو؟**


- ئەلبوومی (هەڤــەس) دوایین کاری هونەری من بوو، و وا رێکەوت کە گۆرانییەکی تێدا بێت بەناوی (دڵخۆشی) کە

***✿ شوهرە سوڵەتی یەکێکە لە هونەرمەندە ئێرانییەکان کە توانیویەتی ستایلی مۆسیقای پۆپ بە شێوەیەکی زۆر جوان تێکەڵ بە مۆسیقای ئێرانی بکات و، لەگەڵ شەهرامی برای هەمیشە وەك دوانەیەکی سەرکەوتوو و گونجاو ناسراون، شوهرە سوڵەتی بەم شێوەیە وەڵامی چەند پرسیارێکی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.✿***










من لە گۆرانییەکانمدا سوودێکی زۆرم لە ریتمی کوردی وەرگرتووە و بەکارمهێناوە

لەبەر ئەوەی هونەری کوردی بەشێکە لە هونەری وڵاتەکەم بۆیە تا رادەیەک زانیاریم دەربارەی هەیە

## ژیاننامەی شوهرە

لە ١٩٥٩/١/١٤ لە خێزانێکی هونەری شاری تاران لە دایك بووە، لە تەمەنی ٧ ساڵییەوە ئارەزووی ئەوەی هەبووە گۆرانی بڵێت و پەیمانگای مۆسیقای هەڵبژارد بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ئەکادیمی شارەزای مۆسیقا ببێت، لە تەمەنی ١٥ ساڵیدا وەك پیشە دەستی بە گۆرانی گوتن کرد و یەکەم گۆرانیی بەناوی (کچی رۆژهەڵاتی- دختر مشرقی) بوو و هەر لەگەڵ گوتنی ئەو گۆرانییە سەرنجی هەمووانی بۆ لای خۆی راکێشا و زۆری نەبرد ناوبانگی شوهرە سوڵەتی هەموو ئێرانی گرتەوە و بوو بە باسی رۆژنامە و گۆڤارەکان. کۆمپانیا هونەرییەکان رکابەرییان بوو بۆ ئەوەی بتوانن بۆندی لەگەڵدا مۆر بکەن و چەندین خەڵاتی بەدەستهێنا، شوهرە لاسایی کەسی نەدەکردەوە، چونکە بڕوای تەواوی بە توانا هونەرییەکانی خۆی هەبوو، بۆ یەکەم جار بەشداری لە فیلمێکی سینەماییدا کرد بە ناوی (فریاد زیر ئاب) لەگەڵ هونەرمەندی گەورەی ئێرانی داریۆش، بەڵام دواتر لەبەر بارودخی ئێران ناچاربوو روو لە ئەمریکا بکات و لە نیویۆرك نیشتەجێ بوو، لە ساڵی ١٩٨٤ لە دەرەوەی ئەمریکا یەکەم گۆرانی ئەلبوومی (طلسم)ی تۆمار کرد و تا ئێستا نزیکەی ٢٠ ئەلبوومی گۆرانی لە ئەرشیفی شوهرەدا هەن، هەروەها کۆنسێرتی گۆرانی لە چەندین وڵاتدا ساز کردووە کە خۆشترینیان لای شوهرە ئەو کۆنسێرتە بوو کە لە رۆژی ١٩٩٥/١٠/٢١ بوو لە لۆس ئەنجلۆس کە هاوکات لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ئەلبوومی (زن) کە بە یەکێك لە سەرکەوتووترین ئەلبوومەکانی شوهرە دادەنرێت و زۆر کەس ئەو کات نازناوی (شاژنی مۆسیقای پۆپی ئێران) و (ئافرەتی ئازادیخوازی ئێران) یان پێ بەخشی، ئێستا شوهرە لە لۆس ئەنجلۆس دەژییت و دایکی تاقە کچێکە بەناوی (تەنناز).